# مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر دژی سیاسەتی ئینگلیزو#

# دەسەڵاتدارانی عێراق لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی دا

# ( ١٩٢٠-١٩٥٨ ز)

د. ئاراس عبدالرحمان مستەفا

زانکۆی ڕاپەڕین / فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی مێژوو

## پێشەکی

ناڕەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شاری هەولێر دژی سیاسەتەکانی ئینگلیزو ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق دا لە قۆناغ و سەردەمێکدا کە عێراق گیرۆدەی چەندین کێشەی ناوخۆو دەرەکی ببۆوە، کاریگەری و کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕووداوەکان و گۆڕانکاریەکان هەبوو، تەنانەت کاریگەری لەسەر تەواوی خەڵکی کوردستان داناو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکان لەسەرجەم شارەکانی تری کوردستان بەردەوامیان پێدراو تیایدا باسکردن لە بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە کوردستان و ڕەخساندنی ئازادی بووە ئامانج و دروشمی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی.

ئەم توێژینەوەیەش بۆ یەکەمجارە بە شێوازێکی زانستیانە ئەنجام دەدرێت و ریزبەندی بۆ مانگرتن وخۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی خەڵکی هەولێر دەکرێت و ڕۆڵی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بەدیار دەخرێت و لە مێژووی گەلی کورددا تۆمار دەکرێت، کە دەکرێت لە داهاتوودا گرنگی زیاتری پێبدرێت لە چوارچێوەی توێژینەوەی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە ماوەی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بەردەوام خەریکی خۆپیشاندان روبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ڕژێمی پاشایەتیدا بوون .

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستنی ڕووداوەکانی شاری هەولێرو خەبات و تێکۆشانی خەڵکی هەولێرە کە خۆی لە ناڕەزایەتی دەربڕین و مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا بینیەوە دژی سیستەم و هەڵوێست و سیاسەتی ڕژێمی پاشایەتی، هەروەها باسکردن لە ڕەوشی ئەو کاتەی شاری هەولێرو شێوەی ژیانی خەڵك و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و کەمتەرخەمی بەدەنگەوە نەهاتنی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق ئامانجێکیتری توێژینەوەکەیە.

لە کاتی نووسینی توێژینەوەدا چەندین گرفت هاتۆتە بەردەم توێژەر، یەکێك لە گرفتەکان بریتی بوو لە دەست نەکەوتنی ئەو کەسانەی کە بەشداربووی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکان بوون ، چونکە کۆچی دوایان کردبوو، بەشێکیشیان ڕووداوەکانیان لە بیر نەمابوو، هەروەها گرفتێکی تر بریتی بوو لە دەست نەکەوتنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە ، جگە لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی ( الزمان ) نەبێت

بێگومان هەموو توێژینەوەیەك لە بواری نووسینی مێژوویدا پێویستی بە جۆرێك و شێوازێك لە میتۆدی لێکۆڵینەوە هەیە کە پشتی پێ ببەسترێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە پێی پێویست سود لە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی وەربگرین و لە کاتی نوسینەوەی ئەو توێژینەوەیەدا پەیرەوی بکەین، بریتی یە لە رێبازو میتۆدێکی مێژوویی سیاسی شیکاری.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشەی چەند باسێك لە خۆ دەگرێت ، بەشی یەکەم باسی راپەڕینی شاری هەولێر دژی هاتنی ئینگلیزەکان و خۆپیشاندان و مانگرتن لە ساڵی ١٩٣١ و ١٩٤١ دا کراوە، باسی یەکەم تایبەتە بە هاتنی ئینگلیزو راپەڕینی خەڵکی هەولێر، باسی دووەم پەیوەستە بە مانگرتن و خۆپیشاندانی شاری هەولێر بۆ دابەزینی نرخی کارەبا ١٩٣١ لە باسی سێ یەمیش تەرخانکراوە بۆ خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر لە مایسی ١٩٤١ .لە بەشی دووەمیش دا باسی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ دا کراوە ، باسی یەکەم بۆ خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر دژی پەیمانی پۆرتسمۆس لە ساڵی ١٩٤٨ تەرخانکراوە، ئەمەش دوو باس لە خۆ دەگرێت باسی دووەمیش خۆپیشاندان و راپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٥٢ تێدا روون کراوەتەوە بەشی سێ یەم خۆپیشاندان و راپەرینەکانی هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣–١٩٥٦ لە دوو باسدا خراوەتەڕوو، باسی یەکەم راپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٣ ، باسی دووەم باس لە خۆپیشاندانی شاری هەولێر دژی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦.باس کراوە .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی کوردی و عەرەبی گرنگ بەستراوە لە کتێب و بیرەوەری لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش بریتی یە لە( د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوڵلا زەنگەنە، بەرگی دووەم )، هەروەها سەرچاوەیەکی تری هەمان نوسەر بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية) هەروەها ماستەرنامەی نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر بە ناونیشانی هەولێر لە نێوان ساڵانی ( ١٩١٨–١٩٢٦ ) دا

هەروەها چەندین بیرەوەریش کە نوسراون نوسەرەکانیان لە رووداوەکان و بە تایبەت خۆپیشاندانەکاندا بەشداربوون و رۆڵی کارایان هەبووە وەکو بیرەوەریەکانی( ئەحمەد بانیخێلانی ، بەهادین نوری ، عەریف سلێمان ) لە ژێر ناونیشانی لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان، بیرەوەریەکانی مەلا عەولای حاجی سمایل بە ناوی سەربردەی ژیانی سیاسیم لەگەڵ یاداشتەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، ئەم سەرچاوانە گرنگی تایبەتیان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەیە چونکە نوسەرەکانیان لەو کەسانەن کەلە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا ژیاون و کەسی رۆشنبیرو هۆشیاربوون و بەشداربوون لە رووداوەکاندا .

## بەشی یەکەم / راپەڕینی شاری هەولێر دژی هاتنی ئینگلیزەکان و خۆپیشاندان و مانگرتن لە ساڵی ١٩٣١ و ١٩٤١ دا

### باسی یەکەم / هاتنی ئینگلیزو راپەڕینی خەڵکی هەولێر

شاری هەولێر مێژوویەکی کۆنی هەیەو دانیشتوانەکەی لە رووبەرووبوونەوەی داگیرکەران و خەبات کردن لە بەدیهێنانی ماف و خواست و ئاواتەکانی خەڵکی هەولێر لە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی، رۆڵێکی گرنگیان بینیوە، کاتێك ئینگلیزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ویستیان پێشرەوی بکەن، بۆ گرتنی شاری هەولێر گەورە پیاوانی هەولێر کۆبوونەوەیان ئەنجامداو بەشێکی زۆریان بڕیاریاندا رووبەرووی ئینگلیزەکان بوەستن و رازی نەبن بە دەسەلاّت و حوکمی ئینگلیزەکان لەمەشدا قوربانی باشیاندا [1]لەگەڵ بلاّوبوونەوەی هەواڵی گەیشتنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ هەولێر، بەشێك لە زانایانی فتوایان دەرکرد و تیایدا جاڕی ئەوەیاندا کە هەر کەسێك دیدەنی داگیرکەران بکات خودا لێی خۆش نابێت، وە هەر کەسێك ئینگلیزێکی بینی نابێت سەیری بکات رووی تێ بکات، دیارە ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئاین بووە لەسەر خەڵکی ئەوکاتەی هەولێر، تەنانەت ئەوانەی دژی ئینگلیزەکان دەجەنگان نازناوی ( غەزایی ) یان لێ دەنرا، وەکو مستەفا غەزایی کە بەشداربوو لە رووبەرووبوونەوەی ئینگلیزەکاندا[2]. هەر لەو سەردەمەدا لە ناو خەڵکی هەولێردا دوو گروپ دژی دەسەلاّتی ئینگلیزەکان دروست بوو کە بە نهێنی کارەکانیان ئەنجام دەداو کۆبوونەوەکانیان دەکردو کە هانی خەڵکیان دەدا دژی ئینگلیزەکان بوەستن و خۆپیشاندان ساز بکەن، یەکێك لە گروپەکان بە سەرکردایەتی ( عەلی پاشای دۆغرەمەچی) [3] بوو .

خەڵکی هەولێر بەردەوام لە ناو مزگەوتەکاندا [4] کۆبوونەوەیان ئەنجام دەداو باسی چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی ئینگلیزیان دەکرد، تەنانەت رووبەرووبوونەوەی چەکداریش روویدا ، کاتێك دەستەیەك بە سەرکردایەتی ( حەسەنە شەل ) [5] پەلاماری پۆستەیەکی ئینگلیزیاندا لە سەر رێگای موسڵ-هەولێرو چەندین سەربازیان کوشت و دەستیان بەسەر قاسەو کەل و پەلەکانی گرت [6].

دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزو لە کاتی شۆڕشی بیستی عێراقدا ئەو کاتەی بارودۆخی ئینگلیزەکان ئاڵۆز ببوو،

---

[1]-هەرچەندە بەشێکی زۆریش لە گەورە پیاوان و خەڵکی هەولێریش لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پێویستە پێشوازی بکرێت لە سوپای ئینگلیز، چونکە سوپای عوسمانی لە زۆربەی بەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی تێکشکابوو ناوچەکەیان چۆڵکردبوو، بۆیە دواجار ئینگلیزەکان هاتنە ناو هەولێر، بەلاّم دواجار رووبەرووی دەنگی نارەزایی و تورەیی خەڵکی هەولێر بوونەوە ، بڕوانە نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : هەولێر لە نێوان سالآنی( ١٩١٨-١٩٢٦ ) دا ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩٤-٩٥.

[2] - هەمان سەرچاوە .

[3]- عبدالرزاق محمد أسود : موسوعة العراق السياسية ، الجزء الثاني ، بيروت، ١٩٨٦، ص ٣٦٢ .

[4]- مزگەوتی شێخی چۆلّی یەکێك بوو لە مزگەوتە دیارو گرنگەکان کە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵك بوو ، بۆیە ئینگلیزەکان ترسیان لێ نیشت و بڕیاریاندا مزگەوتەکان دابخرێن ئەویش بە بیانووی بلاّو بوونەوەی نەخۆشی، ئەمەش هێندەی تر نارەزایی خەڵکی زیاتر کرد .، بڕوانە نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨ .

[5]- ناوی تەواوی حەسەنی کوڕی سەکرەی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەسەن ئاغای کوڕی بابەکراغای سەکرانە لە ساڵی ١٨٨٣ لە گوندی سەکران لە ناوچەی باڵەکایەتی لە دایك بووە ، لە تیرەیەکی سەر بە هۆزی بلّباسە، لەکاتی رۆشتن دەشەلی بۆیە پێیان دەوت حەسەنە شەل، بڕوانە نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤ .

[6]- عەبدوللاّ حەداد، ژیاننامەو شیعرەکانی میهری ، محەمەد شەریف موەزین زادەی هەولێری (١٩٠٣-١٩٤٢ )، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٣٤ .

( وڵسن ) هەڕەشەی لە دانیشتوانی هەولێرو دەوروبەری دەکردو هەوڵی دەدا بە هەڕەشەکانی خەڵکی هەولێر سەرکوت بکات بەلاَم راپەڕینێکی چەکداری بەسەرکردایەتی هەریەك لە( قادر بەگ ، ساڵح بەگی خۆران، عارەب ئاغای گەردی، مستەفا ئاغای کۆڕێ و میرانی خدر بەگ ) دژی دەسەلاَتی ئینگلیزەکان لە هەولێر سەری هەڵدا، ئەم راپەڕینە ترسێکی گەورەی خستە دڵی کاربەدەستانی ئینگلیزو سەرجەم کەل و پەلەکانیان پێچابۆوەو ئامادەی پاشەکشێ بوون،[1] بەلاَم دواجار ئینگلیزەکان لە رێگای ( مەلا فەندی و ئەحمەد عوسمان ) گفتوگۆ لەگەڵ راپەڕیوان ئەنجامدراو دواجار راپەڕینەکە کۆتایی پێهات و مەرجەکانی راپەڕیوانیش جێ بەجێ کرا، کە بەشێکیان بریتی بوو لە ئازادکردنی گیراوەکان و لێخۆشبوونیان، هەروەها گەڕانەوەی بەرپرسیارێتی ناوچەکان بۆ ئەو کەسانەی کە پێشتر بەرپرسیاریتیان هەبووە، لەگەڵ دورخستنەوەی چەند کەسێك کە بەرامبەر خەڵکی هەولێر مامەڵەی زۆر خراپیان ئەنجام دابوو[2].

## باسی دووەم / مانگرتن و خۆپیشاندانی شاری هەولێر بۆ دابەزینی نرخی کارەبا ١٩٣١

یەکێك لە ڕوداوە گرینگەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم گەیشتنی روناکی کارەبا بوو بۆ عێڕاق و لە کۆتاییەکانی بیستەکان هەمان سەدە کارەبا گەیشتە شارەکانی کوردستان عێراق . سەبارەت بە گەیشتنی کارەبا بۆ هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ هەول وکۆششی (ئەحمەد چەلەبی) دوای ئەوەی داواکارییەکانی بە پشتگیری ئەنجومەنی شارەوانی و موتەسەریف و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ پێشکەش کرد، بە مەبەستی دانانی مەکینەیەکی کارەبای بۆ پێدانی کارەبا بە دانیشتوانی شاری هەولێر[3] .

دوای وەرگرتنی رەزامەندی حکومەت بە دانانی مەکینەی کارەبا لە ناو شار، بەمەش لەڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ پرۆژەی کارەبای ناو شاری هەولێر دامەزرا، سەبارەت بە نرخی هەر کیلۆ واتێك لە هەولێر زیاتر بوو بەبەراورد لەگەڵ نرخەکەی لە بەغدا و سلێمانی، ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی کە کەم دەرامەتەکان نەتوانن سوود لەم کارەبایە وەربگرن، ئەمەش بە هۆی دورست بوونی بزووتنەوەیەکی ریکخراویی نارەزایی کە سەرەتاکانی ١٩٣١دەرکەوت کە نوینەرانی گشت چین و توێژەکانی ناو شار تێیدا بەشداربوون[4].

سەرەتای دەستپێکردنی مانگرتنەکە بەنارەزایی و دەست هەلگرتن لە کارەباو بەکارهێنانی لە لایان هەندێ لە کاسبکارانی شار دەستی پێکرد، لەمانەش(محمد ئەحمەد چایچی،وەستا ئاکۆ پیلاَودروو،وەستا خەلیل سەعاتچی،سەرداودی محمد چایچی)[5].

---

[1]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خراپی بارودۆخی ئینگلیزەکان لە هەولێر بڕوانە لوسیان رامبو: الکرد والحق، ترجمة عزیز عبدالاحد نباتی، اربیل، ١٩٩٨، ص ٧٩ .

[2]– هاشم خۆرانی : انتفاضة صالح بك خۆشناو فی ثورة العشرین الوطنیة التحرریة فی قریة خوران علی سفح جبال سفین، گولآن العربی ( مجلة )،العدد( ١٢ )، شباط ٢٠٠٠، ص٣٤–٣٥ .

[3]– م . مهدی محەمەد قادر : مانگرتنی شاری هەولێر ، مێژوو ، ( گۆڤار )، ژمارە ( ٥ ) ، ساڵی دووەم، زستانی ٢٠٠٨، ل ١٣٩ .

[4]–د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوللاَ زەنگەنە، بەرگی دووەم ، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣١٨–٣١٩

[5]– هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٠ .

لە سەرەتای مانگی ئاب دا مانگرتنەكە فراوان دەبێت وزۆر لە گەورە پیاوان ورووناكبیرانی هەولێر بەشداری تیدا دەكەن[١]. لە ١٦ی ئابی ١٩٣١ مانگرتووەكان سكالانامەیەك بە ناوی (٤٤٨) كەس لە دانیشتوانی هەولێر بە مۆری (٣٨٠) كەس‌وئیمزای(٦٨) كەس بۆ سەرەك وەزیران بەرز دەكەنەوە وداخوازییەكانیان تێدا تۆمار دەكەن[٢] كە بریتی بوو لە :

" داشكانی نرخی هەر كیلۆواتێكی كارەبا لە دە (عانە) بۆ چوار عانە یان ئیج نەبێت بۆ شەش عانە ، واتا لە چل فلسەوە بۆ شازدە یان ئەو پەڕیەكەی بۆ بیست و چوار فلس ...ئەگەر ئەو داخوازییە جێبەجێ نەكرا ئەوسا شارەوانی بۆ خۆی مەكینەی كارەبا بهێنێت یا ڕێگە بدات خەلكەكە بۆ خۆیان مەكینە بهێنن یا هەردوو لا بە هاوبەشی و گواستنەوەی بەڕێوەبەری تەحریرات جەمال رەفعەت كە بە چاو ساغ و لایەنگری ئەحمەد چەلەبی دەباغیان دادەنا " [٣].

هەر لە میانی درێژەپێدانی مانگرتنەكە لە ٢٧ی ئابدا مانگرتووەكانی هەولێر دوو سكالآیان رەوانەی بەغدا كرد یەكەمیان بۆ سەرۆك وەزیران و دووەمیان بۆ وەزیری ناوخۆ كە مۆر وئیمزای (٥٠٥) كەسی بەسەرەوە بوو.[٤].جێگای ئاماژەیە ئەم توندوو تیژیەی حكومەت نەبووە هۆی كۆتایی هاتنی مانگرتنە كەو لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣١ دوو بروسكەی تر[٥]، لە كەركوكەوە ڕەوانەی بەغدایان كرد یەكەمیان بۆ نووری سەعید ودووەمیان بۆ موزاحیم پاچەچی كە دووبارە داواكارییەكانیان تێدا خستبۆوە روو، بەم جۆرە سەرەڕای درێژ بوونەوەی مانگرتنەكەو هەرەشەكانی كاربەدەستانی حكومەت لەمانگرتووەكان داواكاریەكان جێبەجێ كرا و (جەمال رەفعەت ) لە هەولێر دورخرایەوە و ئەحمەد چەلەبیش ناچار كرا نرخی هەر كیلۆ واتێك بۆ كارەبا ٢ عانە دابشكێنێت، بەمشێوەیە مانگرتووەكان سەركەوتنیان بەدەست هێنا[٦].

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، خەڵكی هەولێر بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان جا چ مافی نەتەوەیی بێت یان خزمەتگوزاری بێت بێدەنگ نەبوون، هەڵوێستی توندیان بەرامبەر سیاسەتەكانی رژێمی پاشایەتی نواندووەو بەردەوامیش بوون تا ئەو كاتەی مافەكانیان پێدراوەوداواكاریەكانیان بۆ جێ بەجێ كراوە، دواتر ئەم مانگرتن و خۆپشاندانە كاریگەری زۆری لەسەر ساڵانی داهاتووی خەڵكی هەولێر دانا، هۆكارێكی گرنگ بوو بۆ دەستپێكردنی زنجیرەیەك خۆپیشاندان و راپەڕین دژی سیاسەتەكانی حكومەتی پاشایەتی.

---

١- ئەوانەی بەشدار دەبن بریتین لە ( رەفیق حلمی، زەكی ئەمین، محەمەد دۆغرەمەچی، داود ئاغا سەعید ئاغا، كەمال ئەفەندی و مەلا ئەبوبكر )، بڕوانە، د. كەمال مەزهەر ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢١.

٢- اسماعیل شكر: اربیل ، دراسة تاريخية فی دورها الفكری و السیاسی ١٩٣٩-١٩٥٨، سلیمانیة، ٢٠٠٦، ص ٤٧-٤٨ .

٣- د. كەمال مەزهەر : سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢ .

٤- اسماعیل شكر : المصدر السابق ، ص ٤٧-٤٨ .

٥- ئەم بروسكانە لەلایەن ئەم كەسانەی لای خوارەوە لە كەركوكەوە نێردران كە بریتی بوون لە ( مەلا محەمەد قاتاچی، مەلا خدر خەفاف، حاجی عەلی خەیات، حاجی شەریف دوغرەمەچی، سۆفی ئیسماعیل، عەبدولوەهاب حەلاق، عیزەدین جەمال، حاجی یونس ئاسنگەر، عەبداللە نالبەند، محەمەد فارس دەلال، داود ئاغا قەساب، شێخ یونس، فیض اللە دارتاش، محەمەد سالح نانەوا و سالح یوسف نوری ) بڕوانە د. كەمال مەزهەر سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٧ .

٦- هەمان سەرچاوە

## باسی سێیەم / خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر لە مایسی ١٩٤١ :-

خۆپیشاندان و راپەرینەکەی مایسی ١٩٤١ رووداوێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە لە مێژووی عێراق دا بە تایبەتی لە بارودۆخێکی ئەو کاتەی جەنگی دووەمی جیهانی دا کە عێراقیش دەینالآند بە چەندین کێشەی ناوخۆو دەرەکی یەوە ، دەسەڵاتدارانی عێراق نەیان دەتوانی بارودۆخی خراپی عێراق بەرەو ئاقاری باش بەرن، ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر هەموو شتێکی عێراق دا گرتبوو، تا رۆژی بەرپا بوونی راپەرینی مایس ئینگلیزەکان هیچیان بۆ کورد نەکرد، فرۆکەو تانك و زرێپۆشەکانی بێ دوودڵی هێرشی وێرانکەریان دەبردە سەر هەر شوێنێکی کوردستان کە کورد داوای مافی خۆی بکردایە، زیاتر لەوانەش چەوساندنەوەی کورد بە دەستی فەرمانبەرانی ئینگلیز، لەوانەش بترازێ لە هەموو روویەکەوە کورد سەرکوت دەکراو بێ بەش دەکرا لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان، بۆ نمونە لە کاتی راپەرینەکەی مایسی ١٩٤١ دا لە شاری هەولێر فێرگەیەکی ناوەندی کچان نەبوو، هەرچەندە لە ساڵی ناوبراو ژمارەی ئەو فێرگانەی عێراق ٥٦ فێرگە بوو کە هەژدەیان هی کچان بوون، ژمارەی هیچ جۆرە کتێبێکی کورد لە کتێبخانەکانی عێراق دا بوونی نەبوو بە پێچەوانەوە سەدان و هەزاران کتێبی فارسی و تورکی بوونیان هەبوون، لە رووی چاپکردنی کتێبیشەوە تا راپەرینی مایس کەمتر لە ١٠٠ کتێبی کوردی چاپکرابوون، کە ئەوانیش نامیلکەی ئەدەبی و ئاینی بوون [١].لەو رۆژگارەدا باری تەندروستی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی زۆر خراپ بوو، ساڵێ جارێك برینپێچێك سەردانی هەولێری دەکرد، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بە هۆی نەخۆشی یەوە دەمردن، دیارە لەو سەردەمەدا بیروباوەڕی نازیەکان کاریگەری زۆری لەسەر رۆشنبیرو خوێندەوارو خەڵك دانابوو ، تا دەهات رقیان بەرامبەر ئینگلیز بەرەو زیادی دەچووەوە [٢].

چاوەڕوانی دەست پێکردنی راپەڕینی گەورەی گەلانی عێراق کۆتایی هات و راپەڕین سەرتاسەری شارەکانی عێراقی گرتەوە، لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا کە پێشتر باسمان کرد لە راپەڕینی مایس رۆڵی کورد لە خەباتی جەماوەردا زیاتر خۆی نواند، وەك لە ناو لەشکری عێراق . کوردستان ، وەك گشت ناوچەکانی تری عێراق بەجارێك خرۆشا ، رۆژنامەکانی بەغداد بروسکەی پشتگیری دانیشتوانی کوردستان لە کاتی راپەڕینی مایسدا بلاوکردەوە لەو کەسانەی بروسکەیان نارد، عەلی دۆغرەمەچی و هەموو دۆغرەمەچییە بە ناوبانگەکانی هەولێر ، فایەق تالەبانی و عارف تالەبانی و فایەق تۆفیق و کوڕانی نوری باوێل ئاغا سەباح و سمکۆو گەلێکی تر بروسکەی بە سۆزیان بۆ ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا بەرزکردبۆوە . هەر ئەو رۆژانە بە دەیان سەرەك هۆزی ناسراوی کوردستان بروسکەی پشتگیرییان ناردۆتە بەغدا لەوانە هەباسی مەمەند ئاغا و حەسەن فەهمی جاف و حەوێز ئاغا و سوار ئاغاو ئاغایانی رایات ، حەریر، شیروان، شوان، مێرگەسور، رانیە، ناودەشت ، برادۆست و زێبار

لەم بارەیەوە نووری عەبدوڵلا صالح ناسرواو بە مەلا نووری ئاغجەلەری کە ئەوکات قوتابی ئامادەیی بووە دەڵێت :" وا بلاو بۆوە کە رەشید عالی گەیلانی فەرمانی غەزای دژی ئینگلیزەکان دەرکردووەو بریاری داوە لە خاکی عێراق دەریان بکات سوپای ئەڵمانیاش بەهەموو جۆرێك یارمەتیی دەدات و پشتی دەگرێ ، ئیتر رۆژ بە رۆژ سۆزو پەرۆشی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی بۆ جولآنەوەی گەیلانی رووی لە زیادبوون بوو، چونکە خەڵکەکەیان وا تێ گەیاندبوو کە ئەو راپەڕینە غەزایە بەرامبەر بە ئینگلیزی کافری نەفرەتلێکراو، دەستە دەستە دەروێش و سۆفی کۆدەبوونەوەو زیکریان دەکردو دەیانویست

[١]- نەریمان : کتێبخانەی کوردی، کەرکوك، ١٩٦٠، ل ٧-٨ .

[٢]- د. کەمال مەزهەر : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٠ .

بیاننێرن بۆ غەزا ، سەرانی عەشیرەت و شێخانی دەسەلاَتدار، هەواڵیان بۆ سەرکردەکانی راپەڕین دەنارد کە ئامادەن هەر یەکە بە هەزار کەسەوە، بەشداری لەم جەنگە پیرۆزەدا بکەن، مەلاکانیش رۆلێکی باشیان هەبوو، لە رێگەی راوێژکردن و وتاری رۆژی هەینییەوە پیاوانیان رەوانەی غەزا دەکرد، پروپاگەندە بە رادەیەك کاریگەری هەبوو دەوترا چەند رۆژێکیتر ئینگلیز لە وڵات دەردەکرێ و سەربازی ئەڵمانی بە فڕۆکە لە ( سن الزبان ) ، واتە حەبانییە، کە سەربازگەیەکی گەورەی ئینگلیزی لێ بوو، دادەبەزن و عێراق رزگاردەکەن " [١].

ئەم هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئینگلیزەکان بە چاوی داگیرکەر سەیریان دەکرا، سەرجەم ناخۆشی و ئازارو مەینەتیەکانیان لە نەخۆشی و هەژاری و بێکاری و زوڵم و نەبوونی ئازادی و سەربەستی دەدرایە پاڵ ئینگلیزەکان، پێیان وابوو بە سەرکەوتنی ئەڵمانیا، ئەم بارودۆخە خراپە کۆتایی پێدێت و دەرگای خۆشی و ژیانێکی تازە بە ڕوویاندا دەکرێتەوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئەو دروشم و بانگەوازو بلاَوکراوانەی کە ئەڵمانەکان لە عێراقدا ئەنجامیاندەدا و ئینگلیزەکانیان بە هۆکاری سەرەکی کارەسات و ئالۆزیەکان و قەدەغەکردنی ئازادی و سەربەستیەکان لە قەڵەم دەدا، ئەمەش کاریگەری زۆری کردبووە سەر هەستی خەڵك چونکە دەسەلاَتداریێتی و حوکمی ئەڵمانیەکانیان نەبینیبوو، ئەگەر بیانبینیبایە هەڵوێستی کورد و خەڵکی هەولێر جۆریکیتر دەبوو.

لە گەرمەی ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١دا گەلێك وەفدی تایبەتی لە کوردستانەوە چوونە بەغدا و رەشید عالی بە گەرمی پێشوازی لێ کردن .شاندی هەولێرو کەرکوك پێکەوە چوون بەشداربوانی ئەو شاندە پشتگیری خۆیان و خەڵکی کوردستانیان بۆ راپەڕینەکە دووپات کردۆتەوە، لە ناو شاری بەغداد بە ناوی خەڵکی هەولێر بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بەشداربوون[٢].

خەڵکی هەولێر زۆر بە توندی و بە هەستێکی بەرزی کوردانەوە بەشداری خوپیشاندان و راپەڕینیان کرد، بە تایبەت دوای ئەوەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە چەند جارێك بە فرۆکەکانیان بۆمبابارانی هەولێرو دەوروبەریان کرد، ئەمەش خۆپیشاندان و راپەڕینی خەڵکی هەولێری توندتر کرد تا کار گەیشت بەوەی خۆنیشاندەران ئۆتۆمبێلی موتەسەریف بسوو تێنن[٣].

بەپێی بەڵگە نهێنییەکانی ئینگلیز هەولێر تەنانەت دوای گرتنەوەی بەغداش بە ماوەیەك ئینجا هێمن بۆوە.لە هەولێرو چەند شوێنی تر ، هەندێ جار خەڵك بە تفەنگ و تاپڕ دەکەوتنە دەسرێژ لە فڕۆکە هێرشهێنەرەکانی ئینگلیز ، لە هەموو شوێنێکیش هەر بەیاننامەیەك ئەو فڕۆکانە فڕێیان دەدا دەیاندڕاندن کە (تطوع) دەستی پێکرد خەڵکی کوردستانیش بە لێشاو خۆیان ناونوس کردو بە دەیان بروسکەیان بۆ ئەم مەبەستە بۆ بەغدا بەرز کردەوە، بەرلە هەموان قوتابییە کوردەکانی پایتەخت خۆیان فیدا کرد

---

[١] - نووری عەبدوڵلاَ صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٦

[٢] - وەفدەکە ئەمانە بوون محەمەد زیاد ئاغاو عەلی ئاغای حاجی محەمەد ئاغاو حەوێز ئاغای حەسەن ئاغاو سوار ئاغای محەمەد ئاغاو ڕەشید خادم السوجادەو عبدولڵلا ئاوچی و عومەر ئاغاو بە هادین سایو فایق تاڵەبانی کە ئەو سەردەمە نوێنەری کەرکوك بوو لە پەرلەماندا شایانی باسە رەشید عالی بە کوردی قسەی لەگەڵ کردوون .بڕوانە د. کەمال مەزهەر سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣ .

[٣] - ئەم کارە لە ڕاستیدا بریتی بوو لە دەربڕینی کوێرانی هەستی وروژاوی دانیشتوانی شار دژی ئینگلیز. ئەگیان ساڵح زکی ساحێبقڕانی ڕووناکبیرو قاڵبوونی ڕێگەی کوردایەتی کە ئەوساکە موتەسەریفی هەولێر بوو ئەو پیاوە نەبوو ئوتومبیلی بسوتێنری .

. بەپێی گێڕانەوەی هادی ڕەشید چاوشلی ، کە ئەو کاتە قوتابی کۆلیجی حقوق بوو .ئەو قوتابیانە لە گۆڕەپانێکی نزیك ( باب المعضم) چەند ڕۆژێك مەشقیان کردبوو.[١].

دوای چەند رۆژێك لە خۆپیشاندان و راپەڕینی شاری هەولێر خەڵکی شەقلاّوەش کە نزیکن لە شاری هەولێر دەڕژێنە سەرشەقامەکان و خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام دەدەن، مامۆستایانی فێرگەی سەرەتایی شەقلاّوە کە بەشی زۆریان خەڵکی هەولێر بوون کاریگەری و رۆڵی گرنگیان لە هاندانی خەڵك هەبووەو چەندین وتارو شیعر بۆ پشتگیری راپەڕینی مایس خوێندراوەتەوە، رۆژنامەی ( الزمان ) لە لایەن پەیامنێرەکەیەوە راپۆرتێکی لەسەر ئەم خۆپیشاندانە بلاّو کردۆتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە بەشداربوانی خۆپیشاندانەکە بریتی بوون لە مامۆستایان، شاگردان، کاسبکاران و تەنانەت ئافرەتێکی زۆریش لەو خۆپیشاندانەدا رۆڵیان هەبووە، خۆپیشاندەران داوای دەرکردنی ئینگلیزەکانیان کردووەو چەندین دروشمیان دژی ئینگلیزو حکومەتی عێراق ووتۆتەوە [٢].

بەشداریکردنی ئافرەت لەو کاتەدا رۆڵی تایبەتی هەبووەو هاندەرێکی باش بووە بۆ بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و بەیەکەوە خەباتکردنی ژنان شان بە شانی پیاوان، ئەمەش رادەی بەرزی ووشیاری کۆمەڵگای کوردی دەردەخات، کە لە کۆڕی خەباتدا چا چ خەباتی سیاسی بێت یان چەکداری بێت ، ژنان و پیاوان بەیەکەوە بەشداریانکردووە.

لە ڕۆژگاری شۆڕشی بیستەوە فەتوای پیاوە ئاینییەکان بووە هاندەرێکی کارگەر لەسەر خەڵك بۆ خەبات کردن دژی ئینگلیز ، لەبەر ئەوە هیچ سەیر نییە لەکاتی ڕاپەڕینی مایسدا زانایەکی ئایینی ناسراو نەما بێ فشارو هاندان فەتوای دوورو درێژ دەرنەکات کەچی دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە دەگمەن خۆفرۆشێك هەڵدەکەوێت بچێ بەدەنگ وەسییەوەو فەتوایەکی پێچەوانەی ئەوانەی پێشوو دەربکات، ئەو فەتوایانەی نیسان ومایسی ١٩٤١ پیاوە ئاینییەکان دژی ئینگلیز دەریان کرد کاری زۆریان کردە سەر کۆمەڵانی خەڵکی عێراق لەم بوارەشدا شێخ و مەلایانی کوردستان درێغییان نەکرد. ڕۆژنامەکانی بەغدا ژمارەیەکی زۆر فەتوای ئەوانەی لە شوێنی دیاری لاپەڕەکانیاندا بلاّوکردۆتەوە[٣].

شەڕو پێکدادانی نێوان راپەڕیوان و کاربەدەستانی بەریتانیا، درێژەی کێشا، لە شاری هەولێریش رۆژانە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان بە دروشمی پشتگیری رەشید عالی گەیلانی و دژی ئینگلیز بەردەوام بوو، بەلاّم دواجار سوپای ئینگلیز بە هاوکاری پیاوەکانی وەك نوری سەعید و وەصی و...هتد، سوپای عێراقیان شکاندو سەربازە عێراقیەکان نەیانتوانی خۆڕابگرن و رایانکردو ئەڵمانیاش هیچ هاوکاریەکی راپەڕینەکەی نەکرد، ئیتر عەبدوئیلاه و نوری سەعیدو لایەنگرانیان گەڕانەوەو دەست بەکاربوونەوە، تا بەپێی خواستەکانی ئینگلیز مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی تازەدا بکەن ، حسێن هەمەوەندیش بووە سەرۆکی ئەرکانی سوپا، خەڵك واقی وڕماو خەم و پەژارە دایگرت، دەتووت ئاوی ساردیان بەسەردا کراوە، وایان دەزانی ئەم شکستە گەورەیە بەسەر گەل و ئیسلامدا هاتووە[٤]

---

[١]– طاریق ابراهیم شریف: شخصیات تتزکر، الجزء الاول، اربیل، ١٩٨٨، ص٨٩–٩١ .

[٢]– أبو فاروق : مظاهرات کردیة ضد سلطة ئینگلیز، الزمان ( صحافة ) العدد (٤٥٥ ) ، ١٤ ایار ١٩٤١ ، ص ٢ .

[٣]– بروانە رۆژنامەی ( الزمان ) العدد (٤٥٣ ) ، ١٢ ئایار ١٩٤١ ، ص٢ .

[٤]- نووری عەبدوڵلاّ صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧ .

## بەشی دووەم / خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ دا

### باسی یەکەم / خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر دژی پەیمانی پۆرتسمۆس لە ساڵی ١٩٤٨

لە ٢٩ی ئازاری ١٩٤٧ ، کابینەی وەزارەتی چلەمین بەسەرۆکایەتی ساڵح جەبر پێکهێنرا، کە زۆربەی زۆری وەزیرەکان لەلایەن خۆیەوە هەڵبژێردرا و بەدڵ و ئارەزووی باڵوێزخانەی ئینگلیزی بوون لە بەغدا، نێوبراو هەر زوو لە کارنامەی وەزارەتەکەیدا جەختی لەسەر درێژە پێدان و پتەوکردنی پەیوەندی عێراقی – ئینگلیزی کردەوە، تا مۆرکردنی پەیمانی پۆرتسمۆسی لێکەوتەوە. [١] .مۆرکردنی ئەم رێککەوتننامەیە بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق بوو، ئینگلیزەکان لایەنی ئابوریو ئیداری و سەربازی عێراقیان لەم رێککەوتننامەیەدا بەباشی بۆخۆیان مسۆگەر کردبوو، ئەمەش لەلای خەڵکی عێراق بە باشی هەستی پێدەکرا، بۆیە لە سەرجەم کۆڵان و بازارو چاخانەو مەیخانەو قوتابخانەو دام و دەزگاکانی حکومەت و زانکۆو شوێنەکانی تر، خەڵکی بە ئاشکرا نارەزایەتیان دەردەبڕی، مانیان دەگرت، قسەی ناشیرینیان بە حکومەت دەووت، مانگرتنی خەڵك دەستی پێکردبوو، لەوکاتەدا حکومەت خۆی بێدەنگ کردبوو، وا دیار بوو حکومەت مەبەستی بوو ئەو کەسانە بدۆزێتەوەو دەستگیریان بکات کە سەرکردایەتی مانگرتن و خۆپیشاندانیان دەکردو خەڵکیان هاندەدا، تا دەهات دەرامەت و نان کەم دەبوو رقی جەماوەر ئەستورتر دەبوو، پارتە سیاسییە نیشتمان پەروەرەکان ئاگری نارەزاییان خۆشتر دەکرد، کەمبوونەوەی گەنم و ئارد ترسی خستبووە دڵی خەڵك ، حکومەتی عێراق هەوڵی زۆری دەدا بۆ پەیداکردنی ئاردو گەنم بەڵام ئەو ساڵە لە زۆربەی ناوچەکان نەهاتی بوو، بەشی خۆیان نەدەکرد، هەروەها مەسەلەی پەیمانبەستی ( بیڤن–جبر) ترسی گەورەی خستبووە ناو دڵی خەڵك لەوە دەترسان لە پەیمانی ١٩٣٠ خراپتر بێت وکۆت و زنجیری ئەستورتر لە پێیان بکرێ ، هەروەها مەسەلەی فەڵەستین و رۆڵی خراپی عێراقیش هێندەیتر رق و تورەیی لەلای خەڵکی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی زیاتر کرد[٢].

تەقینەوەی گەورەی جەماوەری عێراق لەو رۆژەوە دەستی پێ کرد کە فازیل جەمالی وەزیری هەندەران لە لەندەنەوە هەواڵی دەستپێکردنی ((گفتوگۆیەکی گرنگی)) لە نێوان بەریتانیاو عێراق راگەیاند. بۆ رۆژی داهاتوو، کە دەیکردە چواری کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ، شاری بەغدا بەجارێك خرۆشا. قوتابیانی کۆلێجەکانی بەغداد خۆپیشاندانیان ئەنجامداو هوتافی ( صالح جبر قندرة ، نوری سعید قیطانة )" دەووتەوە [٣] هەر ئەو رۆژەش لەسەر فەرمانی سەرەك وەزیران، پۆلیس کەوتنە گیانی خۆپیشاندەرانی پایتەخت. بۆ رۆژی داهاتو کاربەدەستان کۆلێجی حقوقیان بەو بیانووەوە داخست کە گوایە بیروباوەڕی

---

[١]– پەیماننامەی پۆرتسمۆث : ئەو پەیماننامەیە بوو کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا لە ١٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دا بەسترا، تا شوێنی پەیماننامەی ١٩٣٠ بگرێتەوە کە رای گشتی عێراقی داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکرد، بەڵام ناوەرۆکی پەیماننامەکە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوی پێشتردا نەبوو، بۆیە راپەرینێکی میللی کە بە ( الوثبة ) ناسرا هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکەی لێکەوتەوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، عبدالرزاق الحسنی، تاريخ الوزرات العراقية، الجزء السابع، الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٣٤–٢٤٠ ؛ دکتۆر کمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧، ص١٣٧–١٤٠ .

[٢]– کاکە مەم بۆتانی: کاکی کاکان مرۆڤ و رووناکبیرو شۆڕشگێر ، خەباتی سیاسی ساڵانی ١٩٢٤–١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨، ل ٦٧–٦٨ .

[٣]– نووری عەبدوڵڵا صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧–٥٨.

گێرە شێوێن لە ناو قوتابیاندا باوە، ئەو پەیمانەش نارەزایی و ڕاپەڕینی جەماوەری گەورەی لێکەوتەوە، باشووری کوردستانیش بەگەرمی بەشداری و پاڵپشتی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریەی کرد [١].

ئەوەی کاریگەری زیاتری هەبوو لەسەر دەستپێکردنی خۆپیشاندانی هەولێر، بریتی بو لە گەڕانەوەی بارزانیەکان بۆ هەولێر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد کە چەندین خۆپیشاندانیان ئەنجامدابوو، وە چەندین دروشمی جیاوازیان دژی حکومەتی عێراق بەرز کردبۆوە کە بریتی بوون لە

- نانی وانە تەئمین بکرێ ...بارزانیەکان عەفو بکرێ
- نانی میللەت تەئمین بکرێ ساڵح جەبر ئیعدام بکرێ[٢]

ئەمەو چەندین هۆکاریتر کاریگەریان نواند لەسەر خۆپیشاندانەکان، گەنجە رۆشنبیر و نەتەوە پەروەرەکای هەولێریش ڕۆڵی کارایان گێڕا، چ لە ناوەوەی شارە کوردییەکان و چ لە ڕاپەڕینەکانی بەغدادا [٣] بۆ پشتگیری و پشتیوانی راپەڕینی مایس لە ڕۆژی ١٣ شوباتی ١٩٤٨دا کۆمەڵێکی زۆر لە دانیشتوانی هەولێر گەیشتنە بەغداد. بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری خۆپیشاندانێکی گەورەیان کرد، بە شەقامەکاندا سەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان چەپکەگوڵیان بەدیاری بۆ بردن دواتر تەرمی حسەین عەلی کە لە خۆپیشاندانەدا گیانی لەدەست دابوو بردە شاری نەجەف بە خاکیان سپارد [٤]

دانیشتوانی شاری هەولێر بەسەرجەم چین و توێژەکانەوە بەشداری گرنگ و کارایان لەو خۆپیشاندانانە بینی کە نزیکەی دە هەزار کەس بەشداریان تێدا کردو دژایەتی خۆیان بۆ پەیمانی پۆرتسمۆس نیشاندا، لەم بارەیەوە فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە خەباتی مەلا حەسەن کە بەشداربوویەکی خۆپیشاندانەکە بووە دەنووسێت : " ئەو کاتەی وەفدی عێراق لە بەریتانیا بوو بۆ نوێ کردنەوەی پەیمانی نێوان عێراق و بەریتانیا قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی هەولێر دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و پشتیوانیان لە خۆپیشاندانەکانی شاری بەغداد کرد، لەو ساڵەدا لە هەولێر جموجۆڵێکی زۆر فراوانی قوتابیان هەبوو کە ڕۆڵی سەرەکی هی حیزبی ( تحرير ) بوو، ڕۆژی ٥ کانونی دووەمی ١٩٤٨ قوتابیان لە قوتابخانەکان هاتنە دەرەوەو دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و بەرەو ناوبازاڕی هەولێر بەڕێکەوتن، ناوبراو دەڵێت منیش بۆیەکمجار بەشداریم لەو خۆپیشاندانەدا کرد، لەسەرەتای بازاڕ شێخ خالص کە ئەو کاتە لە پۆلی پێنج بووچووە سەر بەرزاییەك و وتاریکی شۆرشگێڕی دەخوێندەوە، لەو کاتەدا هێزێکی زۆری پۆلیس هاتن ویستیان کاغەزەکە لە دەستی شێخ خالص دەربهێنێت، ئەویش کاغەزەکەی نەدەدا بە پۆلیس و ئیتر بووە مشت و مڕیان و لەو کاتەدا سەرپەرشتیاری خۆپیشاندەران هاواری کرد کە بڵاوەی لێ بکەین بۆیە هەرکەسە بە لایەکدا ڕای کرد، نیوەڕۆ کە هاتینەوە بۆ بازاڕ زانیمان کە پۆلیس پێنج کەسی گرتووە، دواتر خۆپیشاندانەکان ناوە ناوە بەردەوامیان پێدەدرا لە هەموو

---

١- شوان محمدامین تەها خۆشناو: هەولێر لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥٨-١٩٦٣ ) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٧٤ .

٢- بەکر شاکر کاروانی : عەلی فەتاح دزەیی شاعیرو نووسەرو تێکۆشەر، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٩ .

٣- لەوانەی بەشداری کارایان هەبوو لەو خۆپیشاندانەدا بریتی بوون لە ( عاسم حەیدەری، مەجید رەئوف، جەودەت ناجی ) بڕوانە موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري: شرطة العامة، شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، جزء الاول، بغداد، ١٩٤٩، ص ٢٢-٥١ .

٤- د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم ، چاپخانەی ( الاديب البغدادیە )، بەغداد، ١٩٨٥ ، ل٢١٦ .

ئەم خۆپیشاندانانە شیوعیەکان رۆڵی گرنگیان بەرچاویان هەبوو، (شێخە شەلە )، وتاری پڕ جۆش و خرۆشی دەخوێندەوە هەندێ جاریش کچێك وتاری دەخوێندەوە، دوایی دەرکەوت کە ئەم کچە فەریدەی خوشکی نافیع یونس بوو "[1].

لێرەوە دەردەکەوێت لە خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر تەنها یەك چین بەشداریان نەکردووە، بەڵکو سەرجەم چین و توێژەکان ، تەنانەت ژنانیش شان بەشانی پیاوان بەشداربوویەکی کاریگەری خۆپیشاندانەکان بوو، ئەمەش بە ئاگایی ووریایی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری پیشان دەدات.

لەم بارەیەوە عەریف سلێمان [2] لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسی دروشمەکان دەکات کە بەم شێوەیە بووە

١- بروخێ حکومەتی صالح جەبر...با بروخێ

٢- بروخێ موعاهەدەی پۆرتسمۆپ... با بروخێ

٣- چیتان دەوێ کوردینە.... نانی گەنمی کوردینە

بەم شێوەیە چەند کەسێك رۆڵی گرنگیان لە خۆپیشاندانەکاندا بینی بە تایبەتی لە کاتی نەورۆزدا کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵك هەر بەردەوابوو لەو لاوە خوێن گەرم و رۆشنبیرو نیشتمان پەروەرە کە رۆڵیان هەبوو بریتی بوون لە ( عەونی یوسف، قادر حاجی کەریم، جەوهەر حسێن مەلا، کەریم رەئووف، شێخە شەلە ) ، ئەمانە هەوڵیان دەدا خۆپیشاندانەکان بقۆزنەوەو بەردەوامی پێبدرێت و حکومەت داواکاریەکانی کورد جێ بەجێ بکات "[3].

لەم خۆپیشاندانەی شاری هەولێردا جوتیارانی دەشتی هەولێر بەشداریەکی گرنگیان بینی و لە گوندەکانی قازیخانە، پالأنیان، گەڕەشێخان، میرزاغا، موورتکە، چەڵتووك، دووگردکان، جاستان و دارەخورماو ماجیاوای شەمامك ...هتد ) جوتیاران دەهاتنە ناو شاری هەولێر هوتافیان دژی سیاسەتەکانی مەلیك و حکومەتی پاشایەتی لێدەدا، لەبەرامبەردا ئاغاکانی ئەم گوندانە سیاسەتێکی زۆر نامرۆڤانەیان بەرامبەر ئەم جوتیارانە پیادە دەکردو دەستیان کرد بە سزادانی ئەو کەسانەی بەشداری خۆپیشاندانەکانی هەولێر کردووە، ماڵی ( عوسمان بەکرو عەبدوڵلآ حەمەد خەیارو مەولود عەزیزو چەند ماڵیتر ) بە فەرمانی ئاغا لە گوندەکانیان دەرکران و خانووەکانیان رووخێنران و ئاغا داروبارەکەشیانی بۆخۆی برد، تەنانەت ئاغاکان بەمە نەوەستان و هەریەکەی بە سێ دینار سزادان و بەڵێننامەی لێ وەرگرتن کە کە جارێکیتر بەشداری خۆپیشاندان نەکەنەوە [4].

لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێت :" لە ٢٧ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ واتە رۆژی راپەڕینەکە خۆپیشاندانێکی گەورەمان سازدا، پۆلیس اەوپەڕی ئامادەباشیدا بوو، خەریك بوو خوێن برژێت ، کاك ئەحمەد خەبەری بۆ دانیشوانی گوندەکەمان نارد و ئۆتۆمۆبیلی بۆ ناردن تا بێنە هەولێرو بەشداری خۆپشاندان بکەن ، ئەو خەڵکەی کە هاتن دەمانچەو خەنجەرو تەنانەت خوترمەشیان هێنابوو، سەرەتا پۆلیس وویستی بلأوەیان پێ بکات، جەمیل رەشید بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بوو، هەندێك رووبەڕووبوونەوەو هەڕوگیف کرا، بەڕێوەبەری پۆلیس فەرمانی بەدەست بوو کە هەموو شتێك بکات و چەندان پیکابی رەشاش بەسەری لەژێر دەستدا بوو، لەلایەن هەندێك لە قوتابیانەوە ئیهانەش کرا، بەلأم بواری نەدا پۆلیس

[1]- فەتاح تۆفیق فەتاح ( خەباتی مەلا حەسەن ) : حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان ، بیرەوەری ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٨ ز، ل ٩-١١ .

[2]- سەبارەت بە ناوی سیانی عەریف سلێمان زۆر بە ووردی سەیری بیرەوەریەکانم کرد ناوی سیانی تێدا نەنوسرابوو.

[3]- عەریف سلێمان : لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٨ .

[4]- حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد و ئەوانیتر: راپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣ وەکو خۆی ، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٥

تەقە بکەن و گوێم لێ بوو دەیووت ( ئەوانە کوڕی خۆمانن و نابێت ئەزیەتیان بدەن ) لەبەرامبەر پۆلیس کشانەوەوبێ رژانی یەك دلۆپە خوێن ئەو ڕۆژە خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات" [١]

لەلایەکی ترەوەخەڵکی شاری هەولێر لە رێگای کۆکردنەوەی ئیمزاوە چەند داواکاریەکیان بۆ حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان بەرزکردەوە کە بریتی بوون لە :

١- یارمەتیدانی جوتیاران، بە گەنم و جۆو دانەوێڵەی ترو پێدانی پارەی پێشەکی
٢- دانانی قوتابخانەو بیمارستان و نەخۆشخانەی گەڕۆك بۆ دێهاتەکان .
٣- چارەسەرکردنی نەخۆشی ئاژەڵ و کردنەوەی بەیتاڵخانەیەك لە هەولێر
٤- دروستکردنی مزگەوتی تازە بۆ دێهاتەکان و حەمام و ئاودەستخانەی گشتی لە نزیکیانەوە .

هەروەها چەندین داواکاری سیاسیش کە دروشمی راستەقینەی خۆپیشاندان و راپەڕینەکان بوو بریتی بوون لە :

١- بەردانی گیراوە سیاسییەکان
٢- هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی پۆرتسموپ
٣- ئازادی و دیموکراسی فەرهام بکرێ
٤- دادگاییکردنی بەڕێوەبەری بەندیخانەی بەغدا ( ئەمە هەمان داواکاری خۆپیشاندەرانی بەغداد بوو ) [٢]

بەڵام ڕاپەڕین سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و هاوکاری کردنی پارتە نیشتیمانییەکان و هەماهەنگی بوونیان بووە جێگەی رەزامەندی گەلانی عێراق، ئەندامانی کوردیش هەڵوێستی ئەرێنیان نواند لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا، لە ڕووداوەکانی ٢٧ی مانگ لە بەغدادا کە بە ڕۆژی ڕاپەڕینی گەورە (وەسبە) ناسرا، لەنێوانیاندا نوێنەری هەولێر (محەمەد نەقیب) و نوێنەری کۆیە (محەمەد زیاد ئاغا) دەست لە کارکێشانەوەیان ڕاگەیاند [٣]. ئەمەش هەڵوێستی زۆر بەرز بوو لەو کاتە کە نواندیان، لەلایەن خەڵکیشەوە زۆر بە باشی و جوانی پێشوازی لێکراو هانی خەڵکی هەولێریدا کە بەردەوام بن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، چونکە کاتێك بینیان نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیش لەگەڵ خەڵك و لە ناو خەڵکن و پشتگیری و پشتیوانی داواکاری و بەدیهێنانی مافەکانیان دەکەن، دڵخۆش بوون و کاریگەری باشی بەسەر هەستی خەڵکەوە هەبوو.

خۆپیشاندانەکان لە شاری هەولێر شان بە شانی شاری بەغدادی پایتەخت بەردەوام بوو، کرێکاران و قوتابیان و مامۆستایان و ئافرەتان و کاسبکاران و جوتیارانی دەوروبەری هەولێر لە خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێردا رۆڵی گرنگیان دەبینی ، بە ئاشکرا هوتافیان دژی حکومەتی عێراق و ئینگلیز دەووت و هاواریان دەکرد بە مردنی ئیستعمارو روخاندنی حکومەتی ساڵح جەبر، وە جەماوەری خۆپیشاندەر دەستی بەسەر شەقام و گەڕەکەکانی شاری هەولێردا گرتبوو، لە خوار قەلاّتی هەولێر لە نزیك چاخانەی ( مەچکۆ ) ڕۆژانە خەڵك کۆدەبۆوەو وتاریان دەخوێندەوە، کەسێك بە ناوی ئیسماعیل کە ئەندامی حیزبی شیوعی بوو، کەسێکی هەژارو نەخوێندەوار بوو خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی قەزای مەرکەزی هەولێر بووەو ئەم پارچە شیعرەی خوێندبۆوە:

گوێمان لێ بگرن، میللەتی هەژار

---

[١]- موحسین دزەیی : وێستگەکانی ژیانم ، تاریق ئیبراهیم شەریف بە عەرەبی گفتوگۆیەکەی سازداوەو و ئیسماعیل بەرزنجی کردوویەتی بە کوردی ، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩، ل ٤٤ .

[٢]- ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم ، سوید، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٦٠

[٣]- جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، بيروت، ١٩٦٩، ص١٦٥ .

صالح جەبرە کلکی ئیستعمار

سەدانی کوشتن لاوانی هۆشیار

هێشتا جاددەکەی بەغداد هەر soورە

خوێنی شەهیدان ماوە مەشهورە

ئەم وەزارەتەی ئێستا نوێیە

بۆمان بکا مەحکەمەی خوێنە

صالح جەبرمان بۆ بخنکێنە

مەتلەبمان ئەوە بۆمان پێك بێنە[١].

بەبیانووی بارودۆخی وڵات و پاراستی سوپای عێراقی شەڕکەر ! بۆ ئازادکردی فەلەستین، ڕژێمی پاشایەتی حوکم و دادگای عورفی ڕاگەیاند و کەوتە پەلاماردان و ڕاوەدونانی نیشتیمانپەروەران لەسەر تاسەری عێڕاق بە کورد و عەرەبەوە بەندیخانەکانیان بە زیندانی پڕکردەوە[٢]. دەسەڵاتدارانی سەربازی و پۆلیسی نهێنی لە هەولێر لە ٢٤ی ئایاری ١٩٤٨ هەڵمەتێکی ڕاوەدونان و دەستگیرکردنیان لە هەولێر دەست پێکرد، کە ٥٤ کەس دەستگیر کران ، کە لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٤٨دادگایکران، لە دیارترینیان : (عەونی یوسف ، شێخ محەمەد محەمەد، جەوهەر حوسێن ملا، عەلی فەتاح ، ئەنوەر محیەدین، ڕەقیب حوسێن مەلا، خالید شێخ جەواد، عاسم حەیدەری و فایەق نارد) حکومداران [٣]. هەڵمەتی تیرۆر و تۆقاندن لەسەردەمی کابینەی نووری سەعید [٤] گەیشتە ئەو پەڕی کە ژمارەیەکی بەرچاوی هەولێر حوکم دران، لەنێویاندا (عەزیز محەمەد، جەمال حەیدەری (١٩٢٦-١٩٦٣) نافیع یونس، شێخ محەمەد محەمەد و عەلی فەتاح دزەیی) [٥]. بەپێی یاداشتەکانی ساڵح حەیدەری[٦] کە یەکێك لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراق بووەو زیندانی کراوە دەڵێت:" لە زینداندا رژێمی عێراق زیندانیەکانی لە یەکتری جیا دەکردەوە، بەپێی نەتەوەو ڕەگەز دەیبردنە ناو ژوورەکانی زیندان و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکردن و دادگایی دەکردن و بڕیاری زیندانی بۆ ماوەیەك بەسەردا دەسەپاندن [٧].

بەم شێوەیە خۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵکی هەولێر بە زەبری هێز کۆتایی پێهات ، بەڵام خۆپیشاندانەکانی عێراق بە گشتی بووە مایەی ڕووخانی کابینەکەی ساڵح جەبرو تا رادەیەك بواری ئازادی و جموجۆڵی زیاتری کۆمنیست و دیموکراتەکانی لێ کەوتەوە [٨] هەروەها بۆ یەکەم جارو لە هەلومەرجی ڕاپەڕینی مەزنی شۆڕشگێڕانەدا، خەڵك عێراق و کوردستان بە تایبەتی

---

١- نەجمەدین مامۆ هەریری: بیرەوەری، بەرگی یەکەم، پێداچونەوەی سلێمان شێخ محەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٩، ل ٤٣-٤٤ .

٢- کریم احمد: المسیرة، صفحات من مذکرات کریم احمد، مطبعة شهاب، اربیل، ٢٠٠٦، ص٧٣ .

٣- صالح حیدری: مختارات من مذکرات صالح حیدری، السلیمانیة، ٢٠٠٤، ص٢١-٢٨ .

٤- ئەمە کابینەی دەیەمی نوری سەعید بوو کە دەیکردە چل و سێ یەمین کابینەی حکومەتی عێراق، ، ئەم کابینەیە لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٩ پێکهات و تا کانونی یەکەمی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، بڕوانە عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزرات، الجزء الثامن ، ص ٥٩-١٣٠ .

٥- موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري: المصدر السابق ، ص ٨٢٦-٩١٧ .

٦- ساڵح حەیدەری لە ٩ ی ئایاری ساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لەگەڕەکی عارەبان لە دایك بووەو لە ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە .

٧-بورهان حاتم گۆمەتاڵی : ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسیی و ڕووناکبیریی ، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری K21 زنجیرە ٣ ، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١١٢ .

٨- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٢٢ .

دەیانتوانی بە ئازادی و بە خۆپیشاندان برژێنە سەر شەقامەکان و چییان بویّ داوای بکەن، بەبیّ ترس لە پەلامارو گرتن و کوشتن بە دەستی پۆلیس هەست و نەستیان دەربرِن.

هەرچەندە لە کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی پارت و رێکخراوەکان رۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە هاندانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان هەبوو، لە سەردەمی خۆپیشاندان و راپەرینەکانی ١٩٤٨ بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی کوردستان بە تایبەتیش چینی خوێندەوارو رۆشنبیر بەسەر دوو پارتی سەرەکیدا دابەش ببوون ئەوانیش ( پارتی دیموکراتی کورد و حیزبی شیوعی عێراق ) سەرکردەکانی ئەم دوو پارتە بیرو بۆچوونی زۆر جیاوازیان لەسەر مەسەلەی کوردو چارەنووسی داهاتووی گەلانی عێراق هەبوو لەم بارەیەوە بەهادین نوری سەرکردەی ئەوکاتەی حیزبی شیوعی عێراق دەڵێت :" مشتومرِی نێوان ئێمەو پارتییەکان بە درێژایی ١٩٤٧–١٩٤٨ و دواتریش توندوتیژ بوو، بەلاّم تارادەیەك دیموکراسی و رێزی یەکتر گرتنی تێدا پەیرِەو دەکران، مەسەلەکە لەسەر دوو خاڵی سەرەکی بوو ، یەکەم، ئایا کورد نەتەوە پێك دەهێنن یان نا ؟ دووەم ، ئایا بوونی رێکخستنێکی شیوعی لە کوردستان راستە یان نا ؟ ئێمە بە ووشکە باوەرِی و لەبەر رووناکیی نوسینەکانی ستالیندا لە بارەی نەتەوەوە قسەمان لەسەر مەسەلەکان دەکردو، پێمان وابوو ئەوە رایەکی راست و دروستەو قابیلی قسە لەسەر کردن نی یە، لایەنی دووەمیش هەر دوور لەریّ و شوێنی زانستی قسەی دەکرد، بۆیە راستی لە نێوان ئەم و ئەودا ون بوو بوو، دەمەتەقێی هەردوولا خولیای قۆرخکردنی مافی چالاکی سیاسی تێدابوو " [١].

هەروەها لە کۆی گشتی راپەرینەکەدا، دوو توێژ زۆرترین رۆڵیان هەبوو کە بریتی بوو لە قوتابیان و ئافرەتان، بە تایبەتی توێژی یەکەم، کە هەر لە سەرەتای راپەرینەکەوە لە پێشەنگدا بوون، بە جۆرێك حکومەت بە نهێنی فەرمانی بۆ قوتابخانەکان ناردبوو کە پێویستە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا دەرگای قوتابخانە دابخرێت [٢]

لە کۆتایدا دەتوانرێت ئەوە بوترێت کە ئەم راپەرینە گەرچی دروشمەکەی خۆی ئەنجامدا بەلاّم نەیتوانی بەردەوامبیّ و رژێمی پاشایەتی بگۆرِیّ و ماف و داواکاریەکانی کورد بەدی بینێت، ئەمەش بە پلەی سەرەکی لەبەر ئەوەی کە هێزە نیشتمانییەکان تەواو یەکگرتوو نەبوون بەرنامەیەکی روون و درێژخایەنیشیان نەبوو، تا نەهێڵن گەرموو گورِی شۆرِشگێرِی لە ناو کۆمەلاّنی خەڵکدا ساردبێتەوە، دەبێت ئەوەش بگوترێ کە هێزەکانی ئەو کاتە کەم ئەزمون بوون، لە هەمان کاتدا حکومەت بە یارمەتیدانی بەریتانیاو شارەزایانی توانی خۆی لەو قەیرانە دەرباز بکات. بۆ ساڵی دواتر لە یادی خۆپیشاندان و راپەرینەکانی کانوونی ١٩٤٨ دا ، لە شاری هەولێر جەماوەر خۆپیشاندانێك گەورەیان ئەنجامدا ، بەلاّم پێشتر لەلایەن دەزگای پۆلیسی شاری هەولێرەوە هێزی زۆر کۆکرابۆوە، بۆیە رووبەرِووی جەماوەری خۆپیشاندەر بۆوەو هەوڵی دەستگیرکردنی هەندێك کەس درا، کە گوایە سەرکردەی خۆپیشاندەرانن، تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە شەرِی دەستەویەخە لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس روویدا، بەلاّم دواجار بە زەبری هێز توانرا بلاّوە بە خۆپیشاندەران بهێنرێت و خۆپیشاندەران بە کۆلاّنەکانی هەولێردا بلاّوەی لێبکەن[٣]

---

[١]– بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری : بەشی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای دیموکراسی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٦٣ .

[٢]– ئەبوبەکر شێخ جەلال : بەرهەمی خەبات، بەشێك لە بەرهەمەکانی ا.ب هەوری، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٦٥ .

[٣]– موحسین دزەیی : سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥ .

## باسی دووەم / خۆپیشاندان و راپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٥٢

بارودۆخی خراپی ئابووری و سیاسی و داواکاری خەڵك بۆ چاکسازی کردن لەو بوارانەدا بەردەوام بوو، یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و راپەڕینی ١٩٥٢ بریتی بوو لە مانگرتنی کرێکارانی جگەرە ( کۆمپانیای خۆماڵی جگەرە) کە بە ماوەیەکی کەم بەر لە راپەڕین ئەنجام درابوو، کە تیایدا داوای زیادکردنی کرێی کرێکاری کرابوو، هەروەها یاخی بوونی جوتیارانی ( آل أزيرج ) کە چەکیان لە دژی رژێمی عێراق بەرز کردەوەو دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لە تەواوی عێراقدا، تەنانەت هۆکارێك بوو بۆ یاخی بوونی جوتیارانی کوردستان لە دژی سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق، هەروەها مانگرتنی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی کۆلێجەکانی بەغداد رەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، لە دەست پێکردنی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر، هەروەها خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز هۆکارێکیتر بوو، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر گەلی عێراق دڵی پڕ لە کینەو رقێکی ئەستوور بوو بەرامبەر بە بەریتانیا کە بە جۆرەها شێوەی سیاسی و ئابوری باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو [١]

راپەڕینەکە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٥٢ بە مانگرتنی قوتابیانی کۆلێژی دەرمانسازی و کیمیا دژی یاسای هەموارکراوی کۆلێژ دەستی پێکرد، کە بواری دەرچوونی لەلای قوتابیان تەسك کردبۆوە، پاشان کۆلێژەکانی تریشی گرتەوە، هەرچەندە لایەنی بەرپرس، کە وەزارەتی تەندروستی بوو هەموارکردنەوەی هەڵوەشاندەوە و قوتابیانیش بڕیاریاندا مانگرتنەکە بشکێنن لە ١٩ تشرینی یەکەمی١٩٥٢ دا ، بەڵام لە ٢٠ تشرینی یەکەمدا سەرلەنوێ مانگرتن و ناڕەزاییەکان دەستی پێکردەوە بەهۆی لێدانی چەند قوتابییەك کە لە سەرپەرشتیارانی مانگرتن و ناڕەزاییەکە بوون[٢].

خۆپێشاندان و راپەڕینەکان سنوری بەغدایان بەزاند، لە ٢٠ی تشرینی دووەم لە هەولێر هەوادارانی پارتی و شیوعی، بە بەشداری قوتابیان و پیشەگەران و کاسبکاران رژانە نێو بازاڕی گەورەی هەولێر و بەرەو سەرا بەڕێکەوتن و ڕووبەڕووی هێزەکانی پۆلیس بوونەوە، لەهەردوو لا بریندار هەبوو ، لەهەمان ڕۆژدا هەڵمەتێکی راوەدوونان لەهەولێر دەستی پێکرد، خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی تشرینی یەکەم بووە هۆی ڕووخای کابینەی (مستەفا عومەری) [٣] و پێك هێنانی کابینەیەکی سەربازی کاتی بەسەرۆکایەتی سوپا سالار (سەرۆك ئەرکانی سوپا ) نورەدین مەحمود کە کابینەی حکومەتەکەی لە ٢٣ تشرینی دووەمی ١٩٥٢ دەست بەکار بوو تا٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٥٣درێژەی کێشا ، نورەدین مەحمود ڕووبەڕوی هێزە نیشتیمانییەکان بووەوە و حوکمی عورفی داسەپاند و بڵاوکراوە و جوڵەی پارتە بەرهەڵستکارەکای لە کارخست، لەگەڵ چەندین بڕیاری تر وەکو وەستاندنی خوێندن لە کۆلێج و قوتابخانەکانی بەغداد، بەشە ناوخۆیەکان داخران و خوێندکاران بۆ شارەکانی خۆیان نێردرانەوە، مافی چەك هەڵگرتن وەستێنرا، مانگرتن و خۆنیشاندان و رێپێوان قەدەغە کرا، هەموو حیزبەکانی سەر میریش لە چالاکی وەستێنران، رۆژنامەکان راگیران، دەرگا لەسەر هەموو شتەکان داخرا، بروسکە بۆ هەموو شارەکان چوو، موتەسەریفەکان بوونە سەربازی،

---

[١] - بڕوانە ، مها عبدالطيف حسن : انتفاضة تشرين الثانى فى العراق ١٩٥٢ ، رسالة ماجستير غير منشورة، تقديم الى كلية القانون والسياسة– العلوم السياسية ، جامعة بغداد، ١٩٨٤، ص ٢٥؛ بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣–١٨٤ .

[٢] – الدكتۆر اسماعيل احمد ياغى : تطور الحركة الوطنية العراقية ١٩٤١–١٩٥٢، مطبعة النعمان–بغداد، ١٩٧٩، ص ٣١٨–٣١٩ .

[٣] –مستەفا عومەری کوڕی مەحمود حەمدی کوڕی محەمەد شەریف عومەرییە لە ساڵی ١٨٩٤ لە موسڵ لە دایك بووە پەیوەندی بە خوێندنگەی مافەوە کردووە و تەواوی نەکردووە، دەرچووی خولی ئەفسەری یەدەگە، لەسەردەمی پاشایەتیدا چەندین پۆستی پێسپێردراوە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە ، میر بصرى : أعلام السياسة فى العراق الجديث، جزء الاول، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥، ص ٢٨٣–٢٨٦ .

بڕیار لە ( قائد فرقه ) وە دەردەچوو، دەبابە زرێپۆش و چەکی قورس شوێنە گرنگەکانی شارەکانی عێراقی کۆنترۆڵ کرد، شارەکانی عێراق بوونە ئۆردوگایەکی گەورەی سەربازی، بە رادەیەك توندیان کردبوو دوو کەس نەیاندەتوانی پێکەوە بڕۆن و قسە بکەن، چەند جارێ لە هەولێر هەوڵی خۆپیشاندان دەدرا بەڵام بە توندی و بە دەستڕێژی گوللە وەڵام دەدرانەوە [1] جەمال نەبەز لەم بارەیەوە دەڵێت :" زۆر کەس لەسەر شەقامەکان بەر تەقە دران چونکە بە قەدەغە کردنی هاتوچۆیان نەزانیبوو، لە یادمە تەنها ریفۆرمێك کە حکومەتەکەی ( نورالدین محمود ) کردی هەرزان کردنی هەندێ سەوزەواتی وەکو توور و گێزەرو شێلم بوو، کرێکارێکی قۆشمە بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی وەزیران ناردبوو، گوتبووی نرخ دانانتان بۆ شێلم، دڵی فێنك کردینەوە، یەزدان بتانپارێزێت بۆ خزمەتی زیاتری ئەم میللەتە، کابرا شەش مانگ لە گرتوخانە لەسەر ئەم بروسکەیە زیندانی کرا [2].

دیارە ئەو راپەڕینە هەرچەند لەرووی قەبارە و گەورەیی وەکو ڕاپەڕینی گەورەیی مایسی ١٩٤٨ نەبوو بەڵام بە ڕاپەڕینی گەورەی جەماوەری و وشیاربوونەوە دادەنرێ ، لەگەڵ داواکاری خەڵك بۆ ئازادییە دیموکراتییەکان ولادانی حوکمی عورفی و نەمانی راوەدوونان و چاککردنی بارودۆخی گوزەرانی خەڵك بەڵام رژێمی پاشایەتی بەتەنگ کێشەکان نەهات و زجیرەی ناڕەزایی هەر بەردەوام بوو.حکومەتی عێراقیش.

## بەشی سێ یەم خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٦

### باسی یەکەم / راپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٣

ئاغاکانی دزەیی بەهۆی پاڵپشتی حکومەتی پاشایەتی دەیانویست وەك بەندە هەڵسو کەوت لەگەڵ جوتیاران بکەن، سەرەرای وەرگرتنی ( ٢٠ ٪ ) ی داهاتی دانەوێڵە، باج و سەرانەیان لەسەر مەڕو ماڵات و شتی دیکەش داناوە، دەبوایە هەموو کەسێك بۆ سوغرە کردنیش ئامادەبێت و هەر کێشەیەکیش ئەگەر هەیانبوایە لەلای میری بۆیان جێ بەجێ نەدەکردن، هەروەها بڕیاڕی تەسویەی زەوی و زاری ژمارە (٢٩ ) ی ساڵی ١٩٣٨ بە سەرەتای هەڵگەڕانەوەی جوتیار بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری ئاغاکان دادەنرێت، ئەویش بە هۆی هاندانی جوتیاران لەلایەن ( لاین ) ەوە بۆ تاپۆکردنی زەوییەکانیان لەسەر خۆیان، چونکە زەوی میری بوو واتە زەوی حکومەت بوو ئاغاکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، بەڵام ئەگەر جوتیارەکان زەویەکانیان لەسەر خۆیان تاپۆ بکردایە نەك ٢٠٪ لە بەرهەمەکانیان نەدەدا بە ئاغ بەڵکو ١٠٠٪ بەرهەمەکە بۆخۆیان بوو، ئەمەش بۆ جوتیار دەست کەوت و قازانجێکی باش بوو، بەڵام ئاغاکان ئەم مافەیان لە جوتیارەکان زەوت کردبوو[3].

پێش دەستپێکردنی راپەڕینی جوتیاران چەندین رێکخراوو کۆمەڵەو گروپی سیاسی هاندەرێکی بەهێز بوون بۆ ووشیارکردنەوەی جوتیاران و راوەستانیان بەرامبەر زوڵمی ئاغاکان لەو کۆمەلانەش وەکو ( حیزبی شیوعی، کۆمەڵەی هیوا، رزگاری، شۆڕش، ژێکاف و پارتی دیموکراتی کوردستان ) هەروەها لە گوندی قازیخانەش کە شوێنی سەرەتای دەست پێکردنی

---

1- – کاکە مەم بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦ .

2– جەمال نەبەز : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢–١٢٣ .

3– عەباس سلێمان سمایل : مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤ ، ل ١٥٩–١٦١ .

راپەڕینەکان بوو، ڕێکخراوێك بە ناوی یەکێتی جوتیاران دروست ببوو کە جوتیارانی لە خۆ کۆکردبۆوە[١]، هەروەها وشیاری چینایەتی جووتیارانیش، بەهۆی ڕێکخستنەکانی ئەو دوو حیزبە( پارتی و شیوعی ) لە ڕێگەی کادیرو ڕۆشنبیرانیان لە برەوسەندن دابوو، دەشتی هەولێریش وەکو زەمینەیەکی لەبارو گونجاو، بە تایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بیروباوەڕی حیزبە نهێنیەکانی تێدا بلاّو دەبۆوە، هەروەها بلاّوکراوەو ڕۆژنامەکانی تایبەت بە چینی کارگەر و جوتیاران دەگەیشتە دەست کادیرانی دەشتی هەولێر وەکو ( بانگی فەلاح ) و ( دەنگی داس ) کە لەلایەن حیزبی شیوعی دەردەچوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش ( نرکەی جوتیار ) ی دەردەکرد، ئەو بلاّوکراوانەش بووبوونە هەوێنی کامڵ بوونی هەستی شۆڕشگێڕی لە ناو جووتیاراندا[٢].

لە دەرەوەی شاری هەولێرو لە گوندەکانی ناوچەی حەریرو شەقلاّوەو چەند گوندێکیتر ناڕەزایی و توڕەیی جوتیاران دژی مامەڵەو هەڵسوکەوتی ناڕەوای ئاغاکان لە پەرەسەندندا بوو، بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێکیان پێشکەشی ئەم شوێنانە کردبوو بە مەبسەتی ئەوەی حکومەتی عێراق پشتگیری مافە ڕەواکانی جوتیاران بکات لەم بارەیەوە نەجمەدین مامۆ هەریری لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەڵێت :" یاداشتەکان پێشکەشی ئەم دەزگا حکومیانە کرابوون :

١- سەرۆك وەزیران
٢- موتەسریفی پاریزگای هەولێر
٣- دادگای بالاّ هەولێر
٤- قائیمقامی شەقلاّوە

ململانێی جوتیاران و ئاغاکان شێوەی ئاشکرای وەرگرت و ڕایانگەیاند ئەگەر میری زەویەکانمان بۆ نەگەڕێتەوە موڵکانە بە ئاغاکان نادەین،کاربەدەستانی حکومەت لایەنگری داوای رەوای جوتیارانیان نەدەکرد، بەڵکو بەڵێنیان بە ئاغاکان دابوو کە داوای جوتیارەکان بەرە بەرە کەمتەرخەمی لێ بکەن، بۆیە جوتیارەکان کە ئەمەیان زانی بڕیارپیاندا کە موڵکانە نەدەن و خۆپیشاندان لە دژی ئاغاکان و دەسەڵاّتدارانی میری ئەنجام بدەن بە تایبەتی چوونی جوتیارانی دەوروبەری هەولێر بۆ ناو شاری هەولێرو تێیدا بەشداری گرنگیان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد " [٣].

خۆپیشاندانی جوتیاران سەرەتا بریتی بوو لە کۆبوونەوەی ١٥ جوتیارو نوسینی دوو لافیتە لەلایەن مەولود سالح ئەمین کە ئەوکاتە قوتابی دواناوەندی بوو، کە بریتی بوو لە دروشمی دژی ئاغا و سیاسەتی پاڵپشتی حکومەتی عێراق بەم شێوەیە جوتیارەکان بەرەو ناوشاری هەولێر بەڕێکەوتن و خەڵکێکی زۆر بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد، کاتێك خۆپیشاندانەکە لە سەرا ( پارێزگا ) نزیك بۆوە ، شەڕو پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ڕوویداو لافیتەیەکی خۆپیشاندەران دڕا، پۆلیس نەیتوانی سەرکوتی خۆپیشاندەران بکات و بە ناچاری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بڕیاری کشاندنەوەی پۆلیسەکانیدا ، بەم شێوەیە خۆپیشاندان تەواوی هەولێری گرتەوەو دواتر لە مەخموریش هەمان خۆپیشاندان ئەنجامدراو، دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، دواجار خۆپیشاندەران کەسێکیان وەك نوێنەری خۆیان دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی مەزبەتەیەك کە داواکاری

---

[١] - عەباس سلێمان سمایل : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.

[٢] - مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٤٣-٢٤٤ ؛ مەلا عەولاّی حاجی سمایل : سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەغداد، ١٩٩٠، ل ٧٧.

[٣] - نەجمەدین مامۆ هەریری: سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٢-٥٣ .

خۆپیشاندەرانی لە خۆ گرتبوو بیبات بۆ دەسەلاَتدارانی عێراق ئەو کەسەش ناوی ( حاجی سمایل ) بوو کە عەرەبی بە باشی دەزانی، ئەویش چوو بۆ لای وەزیری ناوخۆو داواکاری جوتیارانی پێشکەش کرد، وەزیری ناوخۆ نامەیەکی بۆ پارێزگاری هەولێر نوسیبوو، پشتگیری جوتیارەکانی کردبوو، بەلاَم کاتێك ئاغاکان بەم هەڵویستەی وەزیری ناوخۆیان زانی بە دیاری و بەرتیلێکی زۆرەوە چوونە بەغدادو کاربەدەستە بالأکانی حکومەتی عێراقیان وا تێ گەیاند کە جوتیارەکان پشتگیری حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن و دەیانەوێت حکومەتی مەلیکی بروخێن، ئەمەش هەڵوێستی مەلیك و حکومەتی عێراق گۆڕاو بە هەموو شێوەیەك دژی خۆپیشاندەران وەستایەوە[1]

دوای برەوسەندنی رووداوەکان و کاریگەری کادیرەکانی حیزبی شیوعی لە ناو جوتیاراندا بۆ دەستپێکردنی راپەڕین، سەرجەم جوتیارانی گوندەکانی دەشتی دزەیی راپەڕینیان دەست پێکردو ئاغاکان ناوچەکیان بەجێهێشت، بەلاَم حکومەتی عێراق پشتیوانی راستەوخۆی ئاغاکانی دەکرد، پۆلیس و سەربازی ناردە گوندەکان و مەخفەری پۆلیسیان لە گوندەکان دامەزراندو هەوڵیان دەدا سەرکردەکانی راپەڕینەکە دەستگیر بکەن، بەلام دواجار کەوتنە گرتنی جوتیاران و نزیکەی ۳۰۰ جوتیارو زانای ئاینیان دەستگیر کردو دوای چەند رۆژ زیندانی کردن پێیان دەوتن یان دەبێت ملکەچ بکەن بۆ ئاغاکانتان یان دەبێت لە بەندیخانەدا بمێننەوە، بەم شێوەیە حکومەت پشتیوانی لە ئاغاکان کردو بە زەبری هێز راپەڕینەکانی جوتیارانی دامرکاندەوەو بەشێکی زۆری جوتیارانیشی لە گوندەکان دەرکردو ئاوارەی ناوچەکانی تری کوردستانی کردن [2].

## باسی دووەم / خۆپیشاندانی شاری هەولێر دژی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر لە ساڵی ۱۹۵٦.

دوا بەدوای سەرکەوتنی راپەڕینی ۱۹۵۲ میسرو وەرگرتنی دەسەلاَت لەلایەن جەمال عەبدولناسر، گۆڕانکاری گرنگ و بەرچاو میسرو ناوچەکەی گرتەوە، جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ۱۹۵٦ دا بە مەبەستی بوژانەوەی لایەنی ئابوری و گەشەسەندنی سەروەت و سامانی میسر بڕیاریدا سامانە نیشتمانیەکان خۆماڵی بکات، یەکەم هەنگاویش بریتی بوو لە خۆماڵیکردنی کەنداوی سوێس بوو لە ۲٦ تەموزی ۱۹۵٦ کە بوو بە مایەی رووداوێکی گەورەو قەیرانێکی سیاسی،ئابوری لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر لاوازکردنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی وولاَتانی رۆژئاوا دادەنا، بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەی لەندن لە ۱٦ ی ئابی ۱۹۵٦ بەستراو بڕیاردرا ئەگەر خۆماڵیکردنەکە هەڵنەوەشێتەوە هێرشی سەربازی دەکرێتە سەر میسر[3]

لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەم و ئۆکتۆبەرو سەرەتای تشرینی دووەم و نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹۵٦ لە تەواوی عێراق بە شارەکانی کوردستانیشەوە بە تایبەت شاری هەولێر دژ بە پەلاماری سێ قۆڵی کە کرایەسەر میسر خۆپیشاندانی ناڕەزایی سەری هەڵدا ، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانیان لە تێکۆشانی گەلی میسر راگەیاند، بەم هۆکارە سەرکردەکانی کورد دووچاری گرتن و ئازاردان هاتن و ساڵی ۱۹۵٦ فەرمانی گرتن دەرچوو بۆ ( برایم ئەحمەد، عومەر مستەفا و مەلا عەبدوللاَ

[1] –عەباس سلێمان سمایل : سەرچاوەی پێشوو، ل ۱٦۷–۱۷۰ .

[2] – حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد و ئەوانیتر: سەرچاوەی پێشوو، ل ۱٤–۲۲ .

[3] – عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزرات العراقية، جزء ( ۱۰ ) ، ص ۹۳ ؛ محمد حسنين هيكل : ملفات السويس ( حرب الثلاثين سنة ) الطبع الثاني، القاهرة، ۱۹۹٦،ص ٤٦۷ .

ئیسماعیل ) ئەمەش بە تاوانی پشتیوانیکردن لە میسرو دژایەتیکردنی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر لە لایەن ئینگلیزو فەرەنساو ئیسرائیل[1].

لە کاردانەوەیەکیتردا سەرجەم پارێزەرانی هەولێر بڕیاریاندا مانگرتنی گشتی رابگەیەنن و نەچنە ژووری پارێزەران و بەشداری خۆپیشاندان بکەن دژی هاوکاری و پاڵپشتی حکومەتی عێراق بەرامبەر هێرشی سێ قۆڵی بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر میسر[2].

جگە لەوەش دوای کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر لەلایەن کەسە ناودارەکانی شاری هەولێر بروسکەی پشتگیری بۆ جەمال عەبدول ناسر دەنێردرێت لەوانەش ( زێوەر خەتاب و کەمال عوسمان ) دواتریش لەلایەن ( محەمەد خەیات و مەلا عەولا حاجی سمایل ) بروسکەی پشتگیری دەنێردرێت بۆ گەلی میسر سەرۆکی میسر [3] .

نەك تەنها کوردەکانی شارەکانی کوردستانی عێراق بروسکەی پشتیوانیان بۆ میسر ناردو ناڕەزایی زۆریان بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی ئەوکاتەی پاشایەتی عێراق دەربڕی، کە دەربڕی خواست و ویست و بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز بوو، بەڵکو ئەو کوردانەی کە بەهۆی رووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد چووبوونە سۆڤیەت لە رێگای شێخ سلێمان بارزانیەوە بروسکەیەکی پشتیوانی بۆ حکومەتی میسرو جەمال عەبدولناسر نێردرا، ئەوپەڕی دژایەتی خۆیان بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی عێراق دەربڕی کە پشتیوانیان لە ئینگلیز دەکرد کە یەکێك لەو وولاتانە بوو کە هێرشی دەکردە سەر میسر[4].

دەربارەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٦ مصگفی عەسکەری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت :" کاتێك هێرشە سێ قۆڵیەکەی بەریتانیاو فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە مانگی دەو یانزەی ئەو ساڵەدا ئەنجامدرا سەر لەنوێ بزوتنەوەی نیشتمانی گوڕی سەندەوەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان دەستی پێکردەوە، لە بەغداد لە کۆلێجەکانی ماف و پزیشکی و دەرمانسازی و ئەندازیاری لە هەموو لایەکەوە روو لە گۆڕەپانی ( باب المعظم ) لای کۆلێجی ئەندازیاری و ئاداب ئەکرا، بۆ چەند رۆژێك ئەم کارە بەردەوام بوو، رژێم لە رێگا دەزگا ئەمنیەکانی خۆی پەلاماری خۆپیشاندەرانی داو بە دەیان خوێندکاری گرت، دەوامی کۆلیج و قوتابخانەکان داخراو قوتابیە کوردەکان گەڕانەوە شارەکانی هەولێرو سلێمانی، باس و خواسی راپەڕینەکانی شاری بەغدایان گەیاندە خەڵکی هەولێرو شارەکانیتری کوردستان و بەم شێوەیە راپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد" [5].

---

١- دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر : پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێڕانی سوارە قەڵادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣، ل ١٣٧-١٣٨ .

٢- جعفر عباس حمیدی : انتفاضة العراق ١٩٥٦، الطبعة الاولی، بغداد ٢٠٠٠، ص٧٤ .

٣- مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، ل ٣٨٥ .

٤- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی : بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧ ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ ، ل ٢١٦ .

٥- مصطفی عەسکەری : بیرەوەرییەکانم ، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل ٤٧ .

## ئه نجام

**له كۆتایی ئه‌م تویژینه‌وه‌یه‌دا گه‌یشتینه ئه‌م ده‌رئه نجامانه‌ی لای خواره‌وه**

١- لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و داگیرکردنی شارو شارۆچکەکانی عێراق بە ناوچەکانی کوردستانیشەوە، ئینگلیزەکان روو بەڕووی خەڵك بوونەوە، زەرەرو زیانێکی زۆریشیان بەرکەوت، شاری هەولێریش یەکێك بوو لەو شوێنانەی کە خەڵکەکەی هەر لەسەرەتای هێرش و پەلاماری ئینگلیزەکان بۆسەر شارەکە دەستیان بە راپەڕین کردو بە ئاسانی بە دەسەلاَتداریتی ئینگلیزەکان رازی نەبوون، ئەمەش ئینگلیزەکانی وا لێکرد کە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ خەڵکی هەولێر دەوروبەری بکەن و لە رێگای ئاشتی و دانوستان و جێبەجێکردنی داواکاریەکانی خەڵك لەو ناوچانە حوکم بکەن .

٢- دامەزراندنی حکومەتی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکان و هێنانی فەیسەڵ و کردنی بە مەلیکی عێراق کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو لەلای خەڵکی هەولێر، چونکە پێش هاتنی فەیسەڵ خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بەمەرجێك بە فەیسەڵ رازی بوون کە مەرج و داواکاریەکانی خەڵکی هەولێر جێ بەجێ بکات، بەلاَم هیچ یەکێك لە ماف و داواکاریەکان نەخرانە بواری جێبەجێکردن، بەڵکو ئینگلیزەکان و دەسەلاَتدارانی حکومەتی عێراق بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان نەك خەڵك سیاسەت حوکمیان دەکرد، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو لە ئەنجامدانی ئەو زنجیرە خۆپیشاندان و راپەڕینەی کە بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی خەڵکی هەولێر پێی هەڵسا.

٣- خۆپیشاندان و مانگرتن و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەولێر دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق بە گۆڕانکاریەکی گرنگ دادەنرێت لە رووی ووشیار بوونەوەو بە ئاگایی خەڵك، لەوەی بەردەوام خەباتی جەماوەری درێژە پێبدەن بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان لە ئازادی و خۆ بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاری .

٤- هەروەها خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر دەنگدانەوەی گرنگی لە میدیاکانی ئەوکاتەدا هەبوو بە تایبەتی لە رۆژنامەکانی ناوخۆی عێراق و رادیۆو رۆژنامەکانی دەرەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە خۆپیشاندانەکان دەرئەنجامی باشی لێکەوتۆتەوەو کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی ئینگلیزو حوکمەتی پاشایەتی عێراق داناوە .

## سەرچاوەكان


### يەكەم / سەرچاوەی كتێب

### أ / كتێب بە زمانی كوردی

١- بورهان حاتم گۆمەتاڵی : ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ رۆڵی سیاسیی و رووناكبیریی ، لە بلاوكراوەكانی گۆڤاری K21 زنجیرە ٣ ، هەولێر، ٢٠١٢.

٢- جەمال نەبەز: كوردستان و شۆڕشەكەی ، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣- . بەكر شاكر كاروانی : عەلی فەتاح دزەیی شاعیرو نووسەرو تێكۆشەر، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤- حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد و ئەوانیتر: راپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣ وەكو خۆی ، هەولێر، ٢٠٠٢.

٥- شوان محمدامین تەها خۆشناو: هەولێر لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥٨-١٩٦٣ ) لێكۆڵینەوەیەكە لە بارودۆخی سیاسی، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- شێركۆ فەتحولآ عومەر( دكتۆر): پارتی دیموكراتی كوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی كورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێڕانی سوارە قەلآدزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣، ل ١٣٧-١٣٨ .

٧- عەبدوڵلآ حەداد، ژیاننامەو شیعرەكانی میهری ، محەمەد شەریف موەزین زادەی هەولێری (١٩٠٣-١٩٤٢ )، هەولێر، ١٩٩٧

٨- كاكە مەم بۆتانی: كاكی كاكان مرۆڤ و رووناكبیرو شۆڕشگێر ، خەباتی سیاسی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٦١ ی سەركردەی نەمر عومەر دەبابە ، بەرگی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨.

٩- د. كەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، ئامادەكردنی، عەبدوڵلآ زەنگەنە، بەرگی دووەم ، هەولێر، ٢٠٠١

١٠- د. كەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، بەشی یەكەم ، چاپخانەی ( الادیب البغدادیە )، بەغداد، ١٩٨٥.

١١- نەریمان : كتێبخانەی كوردی، چاپی یەكەم، كەركوك، ١٩٦٠

١٢- نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : هەولێر لە نێوان ساڵانی( ١٩١٨-١٩٢٦ ) دا ، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریانی ، هەولێر، ٢٠١٢

١٣- عەباس سلێمان سمایل : مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٤ .

١٤- موحسین دزەیی : وێستگەكانی ژیانم ، تاریق ئیبراهیم شەریف بە عەرەبی گفتوگۆیەكەی سازداوەو و ئیسماعیل بەرزنجی كردوویەتی بە كوردی ، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

١٥- مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەكانی كوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، لە بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

### ب / كتێب بە زمانی عەرەبی

١٦- اسماعیل شكر: اربیل ، دراسة تاريخية فی دورها الفكری و السیاسی ١٩٣٩-١٩٥٨، سليمانية، ٢٠٠٦

١٧- اسماعيل احمد ياغی : تطور الحركة الوطنية العراقية ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعة النعمان-بغداد، ١٩٧٩.

١٨- جلال الطالبانی: كردستان والحركة القومية الكردية، بيروت، ١٩٦٩.

١٩- جعفر عباس حميدی : انتفاضة العراق ١٩٥٦، بغداد ٢٠٠٠.

٢٠- صالح حيدری: مختارات من مذكرات صالح حيدری، السليمانية، ٢٠٠٤

٢١- طاريق ابراهيم شريف: شخصيات تتزكر، الجزء الاول، اربيل، ١٩٨٨.

٢٢- عبدالرزاق محمد أسود : موسوعة العراق السياسية ، الجزء الثانی بيروت، ١٩٨٦

٢٣- عبدالرزاق الحسنی، تاريخ الوزرات العراقية، جزء السابع،الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨.

٢٤- د. كمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧.

٢٥- لوسيان رامبو: الكرد والحق، ترجمة عزيز عبدالاحد نباتی، اربيل، ١٩٩٨.

٢٦– محمد حسنين هيكل : ملفات السويس ( حرب الثلاثين سنة ) الطبع الثانى، القاهرة، ١٩٩٦

٢٧– مها عبدالطيف حسن : انتفاضة تشرين الثانى فى العراق ١٩٥٢ ، رسالة ماجستير غير منشورة، تقديم الى كلية القانون والسياسة– العلوم السياسية ، جامعة بغداد، ١٩٨٤.

٢٨– موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقى السرى: شرطة العامة، شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، جزء الاول، بغداد، ١٩٤٩.

٢٩– مير بصرى : أعلام السياسة فى العراق الجديث، جزء الاول، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥

**دووەم / بیرەوەریەکان**

**أ / بە زمانی کوردی**

٣٠– ئەبوبەکر شێخ جەلال : بەرهەمی خەبات، بەشێك لە بەرهەمەکانی ا.ب هەوری، هەولێر، ٢٠٠٢ .

٣١– ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم ، سوید، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧

٣٢– بیرەوەرییەکانی بەهائەدین نوری : بەشی یەکەم، لە بلاَوکراوەکانی دەزگای دیموکراسی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١ .

٣٣– زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی : بیرەوەریەکانم لە سالأنی ١٩٤٣–١٩٧٧ ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، بێ سالی چاپ .

٣٤– عەریف سلێمان : لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣٥– مەلا عەولاَی حاجی سمایل : سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەغداد، ١٩٩٠.

٣٦– فەتاح تۆفیق فەتاح ( خەباتی مەلا حەسەن ) : حەفتاو شەش سالْ ژیان پەنجاو نۆ سالْ تێکۆشان ، بیرەوەری ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٨ ز.

٣٧– مصطفی عەسکەری : بیرەوەرییەکانم ، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل ٤٧ .

٣٨– نەجمەدین مامۆ هەریری: بیرەوەری، بەرگی یەکەم، پێداچونەوەی سلێمان شێخ محەمەد، چاپخانەی رۆژهەلاَت، ٢٠٠٩

٣٩– نووری عەبدوللاَ صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی سدیق سالْح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

**ب / بیرەوەریەکان بە زمانی عەرەبی**

٤٠– كريم احمد: المسيرة، صفحات من مذكرات كريم احمد، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٦

**سێ یەم / گۆڤار**

**أ / گۆڤار بە زمانی کوردی**

٤١– م . مهدی محەمەد قادر : مانگرتنی شاری هەولێر ، مێژوو ، ( گۆڤار )، ژمارە ( ٥ ) ، سالی دووەم، زستانی ٢٠٠٨

**ب / گۆڤار بە زمانی عەرەبی**

٤٢- هاشم خۆرانی : انتفاضة صالح بك خۆشناو فى ثورة العشرين الوطنية التحررية فى قرية خوران على سفح جبال سفين، گولأن العربى ( مجلة )، شباط ٢٠٠٠

**چوارەم / رۆژنامە بە زمانی عەرەبی**

٤٣– الزمان ( صحافة ) العدد (٤٥٥ ) ، ١٤ ايار ١٩٤١ .

٤٤– الزمان ( صحافة ) العدد (٥٦٧ ) ، ١٢ ئايار ١٩٤١

**ملخص البحث**

يتحدث هذا البحث عن المظاهرات والتجمعات التي شهدتها مدينة اربيل فى كوردستان الجنوبية خلال فترة النظام الملكي، و ضد سياسة الحكومة العراقية تجاه الشعب الكردي. وخرجت هذه المظاهرات الشعبية في هذه المدينة عن إطار ردود الفعل إزاء سياسات الحكومة الي انتفاضات رفعت العديد من الشعارات المناوئة لحكم النظام الملكى ، وطالبت لتحقيق العديد من المطالب السياسية والاجتماعية لسكان هذه المدن والمناطق و في كثير من ألأحيان عبرت عن المطالب الشعبية لشعب كوردستان العراق رغم أن القوى لم تكن متكافئة بين المتظاهرين والمنتغصين و قوات القمع الحكومية.

يتكون هذا من ثلاث فصول ، تناولنا في الفصل ألأول انتفاضات مدينة اربيل ضد الاستعمار البريطانى، و مظاهرات اهل اربيل مابين الاعوام ١٩٣١–١٩٤١ أما الفصول الثانى هى يتحدث عن المظاهرات والأنتفاظات الجماهيرية فى كل المجالات السياسية ضد سلطة الملكية العراقية فى الاعوام ١٩٤٨ و وسنة ١٩٥٢ ، وفى هذة بعض الانتفاظات لدعم مظاهران جماهير فى بغداد واربيل وسليمانية وفى الفصل الثالث و نهاية تناولنا مظاهرات والأنتفاظات سكان اربيل ضد سياسات نظام الملكية وسلطة حكومة عراقية ، وشملت هذه انتفاضات مابين أعوام ١٩٥٣–١٩٥٦.

يظهر أهمية البحث فى مجال مذكرات و وتدوين تاريخ فى مجال الشعبية او الجماهيرية ، حتى فى مكان اربيل فى زمن حساس من الصراعات الانطليزية والالمانية على العراق، وهذه مسألة لها اهمية فى مجال التغيرات و التطورات فى حياة الانسان الكردى من النواحى الثقافية او واعى شعب اربيل لرفض قرار او اتفاقات عراقية وبريطانية، وأثرت مظاهرات و انتفاضات اربيل على جميع مدن كوردستان و العراق ، كما كانت لتلك الانتفاضات والمظاهرات تأثير يذكر على تثبيت حقوق شعب كردستان.



# Abstract

Kurds took a massive part in these uprisings and demonstrations and they were determined to reject the Britain ruling on their land. Therefore, Kurds demanded “Sever treaty” to come into practise so that they would have their rights. Nonetheless, Kurds did not surrender to the reality and continued to make great efforts to have their demands fulfilled, particularly after “1930 revolution”, when Kurdish revolutions entered a new era. For instance, they moved their operations from mountains to residential areas. Thus, many strikings and revolutions broke out in Kurdistan, in particular in the town of hawler during the monarchy era (1958-1920).

The aim of this study is to investigate the role of people in hawler in their confrontations against the aggressive policy of persistent governments in Iraq towards Kurds and their legitimate rights. To gain their rights, people in hawler and its surroundings strived and sacrificed for a long time to get their rights. This research is a first significant step into the investigation of this area and many useful and important resources were used, including books, diaries and interviews. This area is also worth to be further investigated because there are many unexplored aspects of sufferings of the people in hawler need to be recorded in history.